The Center of Halabja
against Anfalization and
Genocide of Kurdish People

www.chak.be

ناوەندی هەڵەبجە
دژ بە ئەنفالکردن و
ژینۆسایدی گەلی کورد - چاك

Chak_org@yahoo.com

( هەڵوێستنامەی نارەزایی )

**کۆمیتەی کفری ناوەندی چاك دژ بە پەلاماری رژێمی شۆفینی تورکیا بۆ سەر کوردستان**

**" چۆن تازە فەرامۆشی دەکا کوردی عیراقی**

**زوڵم و ستەمی تورك و جەفا و جەور و نیفاقی "**

جەماوەری کوردستان

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان

جەماوەری سەر بەرزی کفری و گەرمیان

ئاشتیخوازان لە هەر کوێیەکی دونیادان

هەرگیز داگیرکەرانی کوردستان چاویان بە خێری ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە هەڵنەهاتووە، بۆیە هەرکاتێك بۆیان دەستی دابێ ویستوویانە لە ناومان بەن و ئەنفالمان بکەن تەنانەت بە چەکی کۆکوژی قەدەغەکراویش بێت . ئەوەتا لە کاتێکدا کە ئاشتی و ئاسایش باڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا کێشاوە ، هێزەکانی دەوڵەتی کەمالی سنووری پیرۆزی کوردستان دەبەزێنن و بە تۆپ و تانك و زرێپۆشەکانیانەوە دەیانەوێ ئەنفالمان بکەنەوە لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراویش سڵ ناکەنەوە .

ئەم سنوور بەزاندنە سەربازییەی لە 21ی ئەم مانگەوە دەوڵەتی تورك بۆسەر خاکی کوردستان دەستی پێکردووە و هێشتا درێژەی پێدەدا، بە قازا نجی کەس تەواو نابێت ، بەدەر لە بەرژەوەندییە شۆڤێنییەکانی خۆیان , بەمەش رووی دیموکراسیەت لە وڵاتەکەیاندا شەرمەزار دەکەن و هەروەك بە بەردەوامبوویشن لەسەر ئەو کردەوانەیان، باری ئاسایشی هەرێم و عیراق و ناوچەکەش بە گشتی بەرەو خرا پبوون دەڕوات .

مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە کورد هیچ کاتێك و لە هیچ شوێنێکدا لە زەبر و زەنگ نەتۆقیوە و سڵی نەکردۆتەوە، بۆیە دەوڵەتی تورك خەیاڵی خاوە، ئەگەر پێیوابێ بەو شێوەیە چاوترسێنمان بکات، بەڵام ئێمە نەتەوەیەکین هەمیشە ئارەزووی ئاشتیمان بەهێزەترە، تا ئەوەی حەزمان بە شەڕ و کوشتارکاری هەبێ..

بۆیە ئەمرۆ ئێمە وەك کۆمیتەی کفری ناوەندی چاك.. لە ئامێزی گەرمیانی سووتماك کراوەوە، هەڵوێستی نارەزایی خۆمان لەهەمبەر ئەو داگیرکارییە سەربازییەی تورکیا دەردەبڕین و داواکارین هەرچی زووە قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکرێتەوە و ئەو هێزە سەربازییانەش کە هاتوونەتە نێو خاکی کوردستانەوە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و دەوڵەتی تورکیش لەوە بەرپرسیار بکرێ، کە لەم هێرشانەیدا چەکگەلێکی قەدەغەکراوی بەکارهێناوە.

دواجار دەڵێین: ڕێگەی شەڕ و خوێن، هیچ چارەسەرییەکی بۆ کێشەکان نییە و ژیانی مرۆڤانەش لە زەبرو زەنگدا جێگەی نابێتەوە , دەبێت کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بەشێوەی دیالۆگ چارەسەر بکرێت , ئەنفال و کیمیابارا نمان ناوێتەوە .

سەربەخۆیی بۆ کوردستان

کۆمیتەی کفری

ناوەندی چاك

www.chak.be
www.chaknews.com
chak_org@yahoo.com
27-2-2008